کلارنێت ژەنەکەی مەخمووری لەهەولێر خەڵات دەکرێت

بڕوا پیرداود خەڵاتی لاوی ساڵ وەردەگرێت



تایبەت بەدەنگی مەخموور

هونەرمەنــدی میوزیــك ژەن (بــڕوا پیرداود) یەکێك لەو لاوانەی کە بڕیارە ئەمڕۆ خەڵاتی لاوی ساڵ وەربگرێت، بــەو بۆنەیــەوە خۆشــحاڵی خــۆی دەربــڕیو لەچــاوپێکەوتنێکدا بــاس لەدوایەمین بەرهەمی خۆی دەکات.

لەلێدوانێکیــدا تایبــەت بــە دەنگــی مەخموور، (بڕوا پیرداود مــەخمووری) لەبارەی هەڵبژاردنی وەکو لاوی ساڵ رایگەیاند "بۆ ئـەو کـارو چالاکیانەی کــە لەسـاڵی رابـردوو ئـەنجام داوە، لەلایــەن ســـەنتەری ئاســـوودەو لەمیانــەی ڤیــستیڤاڵی لاوی ســاڵ هەڵبــژاردراوم خــەڵاتی لاوی ســاڵ لەبواری موزیك وەربگرم"، گوتیـشی "ئێــستاکە ســەرۆکی گروپــی (ژیــا موزیــك)م، لەســاڵی رابــردوو دوو کۆنـسێرتی گــەورەمان ئەنجامــداوەو کــاری هونــەریمان بــۆ کۆمــەڵێ هونەرمەند کردووەو لەچـەندین بۆنـەو ئاهەنگ بەشداریمان کردووە".

لەبارەی کـارو چالاکییەکانی تایبـەت بــە خــۆی، بــڕوا گــوتی "لــەماوەی رابــردوو پارچــە میــوزیکێکی تــازەم بــەناوی (ســاڵانێك) بڵاوکــردەوە، کــە لــەئاوازی هونەرمەنــد (ئەحمـــەد کاوانی)یەو، خۆشم کاری دابەشکردنم بــۆ ئەنجامــداوەو ســیناریۆو کــامێراو دەرهێنانی (ســامی ســەباح)ە، کــاری مۆنتاژ (کاروان زامـدار)ە، جلوبــەرگو میکیــاژ (تەمــەن ســەید ئەحمــەد)ە، رووناکی (ڕەوەند ئەمجەد)". لـەبارەی پــرۆژەی داهــاتووی، ئاشــکرایکرد "ئێــستاکە ســەرقاڵی کــاری موزیــکو ئاوازدانانم بۆ دوو گۆرانیبێــژی لاو کــە بۆ یەکەمجارە دەردەکەون".

جێگــەی باســە بــڕوا پــیرداود کــوڕی نووســەرو فۆلکلۆرپــەروەر (پــیرداود مــــەخمووری)یــە، ســــاڵی ١٩٨٨ لەمــەخموور لــەدایکبووە، دەرچــووی پــــەیمانگای هونــــەرە جوانــــەکانی هــــەولێرەو ئێــــستاکە مامۆســــتایە لەپەروەردەی شەقڵاوە.

ڕێز لە (عومەر لەك) دەنرێت

"ژنێکم دەوێ لێم تێبگات"

تایبەت بەدەنگی مەخموور

عومــەر لــەك لەســاڵی ١٩٦٢ لــە مەخموور لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٨٠ رووەدەکاتــە ولاتــی ئیتالیــا لــەوێ خوێنــدن تــەواودەکاتو دەرچــووی بەشی سینەماو شانۆیە، ماوەی چوار ســـاڵە خـــەریکی پرۆژەیـــەکی خێرخوازییــەو بــۆ ئــەم مەبەســتە فیلمێکی لەوبارەوە بەرهەم هێناوە.

لەلێــدوانێکی تایبــەت بــە (دەنگــی مــەخموور)، عومــەر لــەك، رایگەیانــد "لەساڵی ٢٠٠٦ تاوەکو ٢٠١٠ خەریکی پــرۆژەی خێرخــوازی بــووم لــەبواری منــــدالانو چارەســـــەرکردنیان لەدەرەوەی ولات، بۆ ئـەم مەبەستە زیـاتر لــە ١٦٠ منـداڵ لەسەرانسەری عێــراق بەمەبەسـتی چارەســەرکردن رەوانەی ولاتی ئیتالیا کـراوەو منـیش وەکو وەرگێـرو هاوکاری کردنـی ئـەو پرۆژەیــە لەگەڵیانــدا بوومــەو وەکــو هیوایەتیـــەکی خۆشـــم فیلمــێکم لەوبارەوە بەرهەم هێناوە"، لــەبارەی نــاوەرۆکی ئــەم فیلمــەو چــۆنیەتی نمایـشکردنی ووتــی "بـۆ یەکــەمجارو بەخۆشحاڵیەوە لەکەناڵی زاگرۆس ئەم فیلمــەم هاتــە پیــشاندان، کــە بریتیــە لەچۆنیەتی چارەسەرکردنی منـداڵانی کورد ئەوانەی نەخۆشی دڵیان هەیـەو دوای چارەســەرکردنیانو گەڕانــەوەی بۆ کوردستان هــەموو ئــەو دیمانانــەم لــەو فیلمــەدا نمــایش کــردووە".

گوتیـشی "زۆر سوپاسـی بــەڕێز کــاك زەهــاوی دەکــەم لەکــەناڵی زاگــرۆس بەخۆشـــحاڵییەوە ئـــەو فیلمـــەیان لێــوەرگرتمو هەفتــەی رابــردوو لــەو کەناڵە نیشاندرا".

لەلایــەکی دیکــەوە ناوەنــدی بــاڵای یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەهــەولێر ئاهــەنگێکی رێزلێنــان بــۆ عومــــەر لــــەك رێــــك دەخــــات، لەوبارەیەوە، عومەر لەك گوتی "زۆر سوپاسـی ناوەنـدی بـاڵا دەکـەم کـە هەسـتاون بەرێکخـستنی ئاهـەنگێك بەبۆنــەی رێزلێنــانم بــۆ ئــەو کــارو چالاکیانەی ئـەنجامم داوە، هــەروەك بڕیــارە ١٨ی ئــەم مانگــە لەهــەولێر ســەرەتا فیلمەکــەم نمـایش بکرێـتو دواتــریش خــەڵاتێکی رێزلێنــانم پــێ ببەخشن".

لەبارەی کارو پرۆژەی داهاتووی، لەك گوتی "سیناریۆی فیلمێکی دراماییم پێـشکەشی کـەناڵی هـەولێر کـردووە بەناوی (هیوا) کە لەنووسینی خۆمـەو ناوەرۆکەکەشــی وەکــو چــیرۆکێك لەمـــــەخموورەوە دەســــتپێدەکاتو لەهەولێر کۆتایی پێدێت".

لــەکۆتایی لێدوانــەکانی عومــەر لــەك گوتی "راستە هـەتا ئێستا رەبـەنمو ژیانی هاوسەریم پێك نەهێناوە، بەڵام لێرە لەکوردستان دەچیتە داوای هـەر کـچێك یـەك دنیـا داواکـاریو بینـەو بـەردەی هەیـە، ژیـانی هاوسـەریش هەتاسەر بـەو حاڵـە ناچێت بـەڕێوەو ئەگەر ئەو داواکارییانەیان بـۆ بکـەیت دواتـر داواکـاری تریشت لـێ دەکـەن (بەپێکەنینەوە)". لەبارەی داواکاری ئەو بۆ ژنهێنان گوتی "ژنێکم دەوێ لێم تێبگات، ئەوەندە بەسە بۆمن".

جێگەی باسە عومەر لەك لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکان رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە دروستکردنی گروپی شایی لــەدەرەوەی ولات، بۆیەکــەمجاریش لەســـاڵی ١٩٨١ گروپـــی شـــایی (ســیپان)یــان دامەزرانــدووە بــۆ ناساندنی کلتووری کوردی بـەولاتانی دەرەوە.

دوای یەك ساڵ دابڕان سەنتەری قەرەچووغ دەست بەچالاکییەکانی دەکاتەوە

زریان ئیسماعیل

ســـەنتەری رۆشـــنبیریو هونـــەری قەرەچووغ بارەگاکەی دەگوازێتـەوەو مینحــەی مانگانەشــی دەگەڕێتــەوە، دوای ئــەوەی بەرپرســی پێــشووی ســەنتەر دەســتی لــەکار کێــشایەوە، بەرپرســـی نـــوێی ســـەنتەریش رایدەگەیـەنێت کـە بەماوەیـەکی کـەم چالاك بووینە بەهۆی ئەوەی مینحـەی مانگانـــەیان بـــڕاوەو بەرپرســـی ســـەنتەریش دەســـتی لـــەکارەکانی کێشاوەتەوە.

یوسـف مـەخمووری بەرپرسـی نـوێی سـەنتەری رۆشـنبیریو هونـەری قەرەچـووغ تایبــەت بــە(دەنگــی مەخموور) رایگەیاند "دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر سەنتەرەکەمان لـەکار وەستا بوو، ئەمەش دەگەڕێتـەوە بۆ هۆکـــاری راگرتنـــی مینحـــەی سەنتەرەکەمانو دواتـریش بەرپرسـی سـەنتەر (مامۆسـتا جـەمال جـەمیل) دەستی لـەکار کێـشایەوە، ئـەوە دوو هۆکاری سەرەکی بوون، جگە لەمەش چـەند هۆکـارێکی لاوەکـیش هـەبوو، وەك نەشـیاوی بارەگـای سـەنتەرو چـەند فاکتـەرێکی تـر، کـەوای کـرد سـەنتەرەکەمان بـۆ ماوەیـەك کـەم چالاك بێت لەم ماوەیەدا"، گوتیـشی "دواتـــر بـــەهاوکاری بـــرادەرانو دۆسـتانمان توانیمـان تـەکانێك بـەو پرسـە بـدەینو شـوێنی بەرپرسـی سـەنتەریش پــڕ بکەینـــەوەو بارەگایـەکی تـر بـۆ سـەنتەر بـەکرێ بگــرین، دوای ئــەوە ســەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیریمان کردو ئەوانیش بەسوپاسەوە مینحـەی مانگانـەی سـەنتەریان پـێ داینـەوە لەکۆتایی مانگەکانی ساڵی رابردوو".

لەبارەی چالاکییەکانیان، مـەخمووری گــوتی "ئێمــە دەبوایــە لەماوەیــەکی کەم چەند چالاکییەك ئەنجام بـدەین، بۆیـە هەسـتاین بەئەنجامـدانی چـوار چـالاکی لـەمانگی ١٢ی سـاڵی ٢٠١١، کــە لـــەدەزگاکانی راگەیانــدنیش رێکلامی بۆ کراوە، کـە وۆرکشۆپێكو ســـێ کۆڕمـــــان کـــــردووە"، روونیـــشیکردەوە کـــە لەمـــەودوا بەنیازین کۆبوونەوەی خۆمان بکەینو بەرنامەیـــەك بـــۆ چـــالاکییەکانمان دابنــێینو ئینجـا دەسـت بەچـالاکی جۆراوجۆر دەکەینەوە.

دوو هەزار پێڵاوی هەیە

کـچە گۆرانیبێـژی نـاوداری بـەریتانی (شـێرڵ کـوڵ) ئاشـکرایکردووە: ئـەو عاشقی پێڵاوەو لەئێستاشدا خـاوەنی دوو هـەزار جـووت پـێڵاوە، ئامـاژەی بەوەشداوە، کە هـەر کەسێك بچێتە ماڵەکـەی لـە هـەموو ژوورو بەشـێکی ماڵەکەیدا پێڵاو دەبینێت.

رۆژنامـەی (دێیلـی مێـڵ)ی بـەریتانی بڵاویکـردەوە کـە کـچە گۆرانیبێـژی نــاوداری بــەریتانی (شــێرڵ کــوڵ) لەوبارەیــەوە ئــەوەی خستووەتەڕوو: پـێڵاو لەهــەموو شـوێنێکی ماڵەکەیـدا دەبینرێـت، لەچێـشتخانەو حـەمامو هــەموو ژوورەکــانی، وتــووشــیەتی "لەوانەیە لـەناو ساردکەرەوەکەشمدا پــێڵاو ببینیــت". شــێرڵ ئامــاژەی بەوەداوە، کە ئـەو هـەر لەسـەرەتاوە عاشـقی پـێڵاو بـووەو وتـوویــەتی "ئێستا مـن دووهـەزار جـوت پـێڵاوم هەیـــە، ئـــەویش دوای ئـــەوەی دەستبەرداری بەشێك لـە پێڵاوەکـانم بووم.!"

باسی لەوەشکردووە کە ئەو شـانازیی بـەتوانای رۆیـشتنو سـەمای خۆیـەوە دەکات، کاتێك کە پێڵاوی پاژنە بـەرز لـەپێ دەکـات، وتیـشی "سـەرەڕای ئەوەی من باڵام کورتە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا خۆم بە لـەپێکردنی پـێڵاوی پاژنە بەرز شیكو جوان دەکەم".

بازەکەی مەخموور فری یان فراندیان؟؟!!..

یەکەمینەکانی مەخموور

ئا/ شەهاب مەخمووری

پــاش هەوڵدانــەکی زۆر توانیمــان بگەینە ئەو راستیانەی کە کەسانێك ســاڵانێکی دوورو درێــژ ژیانیــان بردووتەسەر بەئـەرکو ماندووبونێکی زۆر لەخزمەتکردن دابوونە لـەوبوارەی کە لەسەر شانی بووە، بەشـانازیەوەو وەکـو رێزگرتنێـك لـەو کەسـایەتییانە لێرە ئاماژەیان بۆ دەکەین:

١- یەکــەم قایمقـامی مــەخموور کــە خـەڵکی ناوچـەی مـەخموور بووبێـت بـەڕێز (عەبـدولرەحمان بـێلاف) بـوو لەساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو ٢٠٠٧ بـەردەوام بووە.

٢- یەکــەم کــەس وەك کــورد کــە لەمــەخموور گوازراپــەوە بــۆ گــەیارە لەساڵی ١٩٧٨ (خالید حەسەن خدر) بوو کە ناسراوە بە خالید کارەباچی.

٣- یەکـــەم بانگـــدەری مزگـــەوتی گـــەورەی مـــەخموور لەســـاڵی ١٩٧٨ ناوی مەلا حەسەن خۆشناو بوو.

٤- یەکـــەم موختـــاری گونـــدی گەرەبەشـە (کـاکۆ محەمـەد سـەفەر) بوو لەساڵی ١٩٤٠.

٥- یەکـەم مـەلای گونـدی قەسـرانی ســەر بەمـــەخموور (مەلامحەمـــەد عەبدوڵڵا عەلی) بوو لەساڵی ١٩٧٥.

٦- یەکەم کەس لەساڵی ١٩٧٨ تاکو ئێـستاش لەکــەرتی تەندروســتی مــەخموور وەك فەرمانبــەر دەوامــی کــردووە بــەجلو بــەرگی کــوردی (شێرزاد کاکۆ محەمەد سەفەر) بوو.

٧- یەکەم مامانی منداڵ رزگارکردنی ئافرەت (داپیرە عاسیە) بـوو لەسـاڵی ١٩٤٠.

٨- یەکەم موختاری گوندی قەسران (مـستەفا حەمــەد محەمــەد) بــوو لەساڵی ١٩٦٩.

٩- یەکـەم موختـاری گونـدی پـالانی (کێخوا حوسێن کێخوا ئەحمـەد) بـوو لەساڵی ١٩٥٠.

١٠- یەکـــەم موختـــاری گونـــدی گەرەسۆر (مەغدید کەریم ساڵح) بوو لەساڵی ١٩٤٠.

حەیرانێك بە یادی جاران

حەیران ئەورۆ سبیانێ گردەسۆر لەمن گەلەك دوورە وراتە
دەچمەوە مەخموورو مەخمووران بواران گەلەك رەنگینە
لەمنی خانە وێرانێ بەقۆنکرەو قەراتە
هەمین دەیگۆ: بابانم خرابوو کەسم لە مارەبابان دا نەمێنێ
لە پاش سەرو سوارێ حەبیبی برایماغای دەشتی کاولە قەراجێ
سەنیەو مرکیە ناوەڵلا سیاوو هێلەوە
لەمن بابان کۆر بە عام ببوایە میراتە

حەیرانبێژ (عوسمان هەمەوەندی)